# هۆنراوه بۆ منداڵان

## چۆلەکە



ئەی چۆلەکە پاساری
چەند تەیرێکی نازداری

لە گوێسەبانە و حەوشەو بان
بە جریوە جریوێکی جوان

لە خەو هەڵمان دەستێنی
بەجوانی دەمان دوێنی

دەڵێی هەستن درەنگە
نوستن پیشەی دەبەنگە

هەستن پێش هەتاو کەوتن
لەمەکتەبتان دوا کەوتن

## سەعات



چک چک دەڵێم ووشیار بە
تەوەزەل مەبە خەریکی کار بە

وەک من تێکۆشە بە رۆژ و بە شەو
هیچ پەیدا نابێت لە تەمبەڵی و خەو

ماندو و بوون کار مایەی ژیانە
بێ کارو ڕابواردن ڕەنج و زیانە

گەر من کار نەکەم لەشم ژەنگ دێنێ
دەچمە سەر وەستا هەڵم وەشێنێ

مرۆڤ کار نەکات کاری زۆر لەنگە

کاری بێ کاری شورە یی و نەنگە

# دەستەسڕ



دەستەسڕم نەهێنا
لەماڵەوە بەجێما
ئەخوا چۆن لووتم بسڕم
بسڕم بەسەر داوێنا؟
بەسەر قۆڵی خاوێنا؟
نا! ئەوە پیشەی چە پەڵە
پیشەی گێل و تەمەڵە
من کە منداڵێکی خاوێنم
چۆن شەرمی خۆم دەشکێنم
ناچارم هەر ئێستا
داواکەم لە مامۆستا
ڕێم بدا بچمە دەرێ
ئەم داخە دەرکەم لە دڵ

# کەو



من کەوێکی زۆر جوانم
هەمیشە لە کوێستانم

لە ناو باخ و گوڵانم
فڕندەی سەر شاخانم

دەنگی قاسپە قاسپی من
گوێی لێ دەگرن پیاو ژن

من ئەژیم بە مەردانە
خواردنم کوللە و دانە

# بەبە بەبە



بەبە! بەبە! بچکۆلە
مەگری! مەگری! بەرخۆلە

دایە دەستیگیراوە
منی لای تۆ داناوە

منش هەر چەند منالّم!
خەریکی گڕوگالّم

بەبە! پێبکەنە ژیر بە
بەس چاوەڕوانی شیر بە

ئەم گریان و هاوارە
پیشەی منالّی هارە

ئنجا دایە و مامۆلە
خەوە خەوە بەخۆلە